# پێشانگای هونەریی دیکۆمێنتا و سەرنجێک

هاوار محەمەد




١٩ی حوزەیران ٢٠٢٢ هونەر

دوێنێ، ڕێکەوتی 18 .06 .2022 لە شاری کاسڵ لە ئەڵمانیا پانزەیەمین پێشانگای هونەری "دیکۆمێنتا" *Documenta* دەستی پێ کرد. دیکۆمێنتا پێنج ساڵ جارێک دەکرێتەوە و لەسەر ئاستی جیهان بە گەورەترین ڕووداوی هونەریی شێوەکاری دادەنرێت کە خەڵاتەکەی بۆ هونەر دەکرێت بە نۆبڵی ئەدەبیات و ئۆسکاری سینەما بەراورد بکرێت. کارەکان لەم پێشانگایەدا لە ڕووبەرێکی گەورەی ناوەندی شارەکەدا، لە 32 شوێنی بەرفراوانی کراوە و داخراودا، پیشان دەدرێن و ماوەی

سەد ڕۆژ بەردەوام دەبێت. بە گوێرەی داتاکان لەو ماوەیەدا زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە ناوخۆی ئەڵمانیا و جیهانەوە سەردانی شارەکە دەکەن. جگە لە نمایشی کارە شێوەکارییەکان چەندین چالاکی تر بەڕێوە دەچن، وەکوو کۆڕ و سیمینار، پێشانگای کتێب، کۆنسێرتی میوزیک، سەما. لە بنەڕەتدا ئەم پێشانگایە ساڵی 1955 لەلایەن ئارنۆڵد بودەی هونەرمەندەوە بۆ یەکەمجار ڕێک خراوە بە ئامانجی ناساندنی ئەو ستایل و بەرییانە هونەرییانەی کە لە ماوەی دەسەڵاتداریێتیی نازیدا دەرفەتیان پێ نەدرابوو تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ئەڵمانی ببین.

لە چواردەیەمین پێشانگای دیکۆمێنتادا (2017) خەڵاتی یەکەم بەخشرایە هونەرمەندی کورد "هیوا ک." بۆ کاری *When We were Exhaling*. ئەم جارەیان پتر گرنگی بە کاری دەستەجەمعی دراوە و یەکێک لە ئامانجەکانی پێشانگای ئەمساڵیش هەر ئەوەیە کە هونەرمەندانی وڵاتانی جیهان لە کاری پێکەوەییدا لێک نزیک ببنەوە. بەڵام هەوڵێک دەستبەجێ دژ بەم بانگەشەیە وەستایەوە، ئەویش ناڕەزایەتی بەشێک لە لایەنگرانی زایۆنیزم بوو دژ بە پێشانگاکە. لێرەدا تەنیا سەرنجێک لەسەر ئەم پرسە دەردەبڕم و لە ڕۆژانی داهاتوودا ڕەنگە چەند کارێکی هونەری بخەمەڕوو.





When We were Exhaling کاری هونەرمەندی کورد هیوا ک.

پوختەی ئەم مەسەلەی ناڕەزایەتییە ئەمەیە کە کارگێڕیی پێشانگای پانزەیەمینی دیکۆمێنتا سپێردراوە بە ڕوان گروپ *Ruangruppe* کە گروپێکی هونەریی ئەندۆنیزین. گروپە دژە دژە-سامییەکان لەبەر دوو هۆکار لەم کارە ناڕازیین:

یەکەم: هونەرمەندی موسوڵمانی ئەندۆنیزی و فەڵەستینی بانگهێشت کراون و کارەکانیان لە شوێنە بەرچاوەکاندا نمایش دەکرێت، لە کاتێکدا هیچ هونەرمەندێکی ئیسرائیلی بانگهێشت نەکراوە.

دووەم: هەندێک لە ئەندامانی ڕوان-گروپ مەیلی پۆستکۆلۆنیالیزمیان هەیە. جا لەم بارەدا کە ئەوان دژ بە کۆلۆنیالیزمن، ئیسرائیلیشیان لە ڕیزی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستدا حسێب کردووە بەو پێیەی وەک کۆلۆنی خۆی دەستی بەسەر بەشێک لە خاکی فەلەستیندا گرتووە. بەلای هەندێک لە گروپە بەرەنگارەکانی دژە-سەمەتیزمەوە، ئەم هەڵوێستە بە واتای جووبێزی و ڕاسیزمە.

بەم ناڕەزایەتییەوە پێشانگاکە دەستی پێ کرد، تەنانەت سەرۆکوەزیران "شتاین مایار" دوودڵی خۆی بەرامبەر پێشانگاکە دەربڕی، بەشێکی بەرچاویش لە ڕۆژنامەگەریی ئەڵمانی هێندەی تر حەشۆیان دا و کردیان بە باسی گەرمی ڕۆژ؛ تەنانەت ڕۆژنامەی *Bild* بە "سکاندال" ناوی برد. هێندەی بزانم هێشتا شتێکی جددی بۆ بەرگریکردن نەنووسراوە جگە لە یەک دوو ڕوونکردنەوەی ناڕاستەوخۆی کارگێڕیی پێشانگاکە و شاری کاسڵ، وەک بڵێی هیچ کەس ناوێرێت خۆی لە قەرەی ئەم پرسە بدات، بۆ ئەوەی بە "دژە-سامی" و "لایەنگری موسوڵمان" تۆمەتبار

نەکرێت. بەلای منەوە ئەم هێرشـــە بۆ ســـەر دیکۆمێنتا عادیلانە نییە، لەبەر ئەوەی خۆی بڕێک مەیلی ڕاسیستی تێدایە. چۆن؟

گومانی تیا نییە کە بزووتنەوەی دژە ڕاسیزم کاریگەریی گەورە و بەرچاوی هەبووە لەســـەر کۆمەڵگەی ئەڵمانی دوای نازیزم تاوەکوو ئێســـتا. ئەو هەمەڕەنگییەی لە کۆمەڵگەی ئەڵمانیدایە و ئەو پێشـــوازییەی لە دە ســـاڵی ڕابردوودا لە پەنابەران، بە پەنابەرانی موسـولمانیشـەوە کراوە، بەرهەمی ئەو خەباتە درێژەیە. لەگەڵ ئەوەیشـدا ڕاســـیزم هێشـــتایش بەرچاوە، بەم پێیەی خەباتی دژە ڕاســـیزم گرنگییەکەی هەر وەکوو خۆیەتی، بەڵام ئێستا هەندێک شت گۆڕاون. جووەکان توانیوویانە تاڕادەیەک ژیـان و ســـەلامەتی نەک ئەوانەی کە لە ڕۆژئـاوا دەژین، بەڵکوو جووەکـانی نێو چوارچێوەی دەوڵەتی ئیســـرائیلیش گەرەنتی بکەن. ئەوان دەزانن هێشـــتایش لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا دژایەتیی ســـامی بنەبڕ نەبووە، بۆیە تەواو هەســـتەوەرن بەرامبەر هەر کردە و گفتارێک کە بە ئاســـتەم بۆنی جووبێزیی لێ بێت بۆ ئەوەی نەهێڵن بە هیچ جۆرێک زەمینەی هۆلۆکۆســـتێکی تر بســـازێتەوە. لە بەرامبەردا فیگورێکی تر هەتا بێ ســـەلامەتی ژیان و کەرامەتی زیاتر لەدەســـت دەدات، ئەویش فیگوری مرۆڤی موســـولمـانە، بەتـایبەت لە دوای جەنگی ئۆکرانیـاوە پەنـابەری ڕۆژهەلاتی زۆرینە موســـولمـان "پلەی دوو"ی نەک کۆمەڵگە، بەڵکوو پلەی دووی پەنابەرانیشـــن؛ زیادەن و ڕێیان لە ئەوروپییەکانی دیکە گرتووە. ئەوە ڕاســـتە کە بەشێکی بەرچاو لە پەنابەرانی موسولمان کێشەی زۆریان بۆ کۆمەڵگە ئەوروپییەکان نـاوەتەوە، هەر لە توندڕەوییەوە تـاوەکو پەچە، لە نەریتگەراییەوە تـاوەکوو کـاری ڕەش، بەڵام لە ئێستادا هەر گوتارێک دژ بە "موسـولمان" لە ڕۆژئاوا، تەنانەت ئەگەر لای جوویشـەوە بێت، دەچێتە خزمەتی ڕاسـیزمی دژە موسـولمانەوە. ئەو جووانەی

که پتر لەم هێڵە ڕاسیستییە نزیک دەبنەوە زایۆنیستەکانن؛ جووە دەمارگیرەکان بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل کە هەر ڕەخنەیەک لە دەوڵەتەکە وەک دژایەتیی سامی لێک دەدەنەوە. ئەم نارەزایەتییەی وا ئێستا بەرامبەر دیکۆمێنتا هەیە ڕێک گوتارێک هەڵگریەتی کە "دەوڵەت" و "گەل"ی ئیسرائیل هاوشوناس و تەبا دەبینێت، واتە نەک خۆی هیچ کارێکی دەوڵەتەکەی سەرکۆنە ناکات، بەڵکوو هەر سەرکۆنەیەک بە ڕاسیزم بەرامبەر هەموو گەلی جوو لێک دەداتەوە.




خۆپیشاندانی زایۆنیستەکان دژ بە دیکۆمێنتا و ڕوان-گروپ. 18.06. 2022



خۆپیشاندانی زایۆنیستەکان دژ بە دیکۆمێنتا و ڕوان-گروپ. 18.06. 2022

دوێنێ زایۆنیستەکان بەرامبەر ئەو بینایەی کە لە فریدریش پلاتزی شاری کاسڵ بۆ بەڕێوەبردنی پێشانگاکە تەرخان کراوە، بە ئاڵای ئیسرائیلەوە خۆپیشاندانیان کرد و هەندێک لە دروشمەکانیان ئەمانە بوون: "ئیسرائیل بۆ زایۆنیزم"؛ "نابێ هیچ سەکۆیەک بۆ ئەوانە هەبێت کە دژی ئیسرائیلن"، "هاوپشتی بۆ سەروەرێتیی [دەوڵەتی] جوو"، "دژ بە بە هەر دژە زایۆنیستێک". بەلای منەوە ئەم پرسە وەک "دژایەتیی سامی" قابیلی داکۆکی نییە. میشێل وۆڵف-زۆن لە وتارەکەیدا زۆر هەوڵ دەدات پاساوی ئەم ناڕەزایەتییە بەوە بدات کە دەوڵەتی ئیسرائیل پارێزەری گەلی جووە، لەبەر ئەوە هەرکەس ئەم مافە بۆ جوو بە ڕەوا نەبینێت ئەوا ڕاسیستێکی دژە

سامییە. ئەو هەندێ لە هونەرمەندانی ڕوان-گروپ بە بەشدار لە کەمپەینی *Boycott, Divestment and Sanctions (BDS)*ـی نەیار بە ئیسرائیل تۆمەتبار دەکات؛ هەروەها دەڵێت ئەو ئەندامانە سەرکۆنەی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی و ئیسرائیلییان کردووە، بەڵام سەرکۆنەی کۆلۆنیالیزمی چینی، ڕووسی، عوسمانی و ئەندۆنیزییان (!) نەکردووە. هەڵبەت دەشێت وا بێت ئەگەرچی هەرگیز ناشێت کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی بە هی ئەندۆنیزی بەراورد بکرێت، بەڵام هێشتا ئەم پاساوە بەس نییە و خۆیشی پارادۆکسیکاڵە: وۆڵف-زۆن هەموو فەڵەستینییەکان لەوێوە بە دژە سامی تۆمەتبار دەکات کە دان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا نانێن، بەڵام ئەو جوولەی وا هیچ شتێک، نە دەوڵەت و نە خاک و نە ژیان بۆ فەڵەستینییەک بە ڕەوا نابینێت، بە ڕاسیزم تۆمەتبار ناکات. لە لایەکی تر ناوهێنانی چەندبارەی "موسوڵمان" لە وتارەکەیدا، هەر وەک لە زۆربەی ئەو وتار و ڕاپۆرتانەی تردا وا دەربارەی ئەم پرسەن، ئەنقەستە و زەمینەسازییە بۆ شتێک کە دەکرێت بە "موسوڵمانبێزی" ناوی ببرێت.

دژایەتیی ڕاسیزم تەنیا لەو هاوسەنگییەدا کاریگەر و حەقیقییە کە بەسەر خۆیدا هەڵنەگەڕێتەوە، کە دژایەتیی ڕاسیزم بێت لە هەموو فۆڕمەکانیدا. دژایەتیی ڕاسیزم ئەو کاتە بەهای هەیە کە توندڕەوی بۆ نەتەوە/دەوڵەت/نەژاد تا ئەو ڕادەیە تۆخ نەکاتەوە کە خۆراک بە توندڕەویی دیکەی ڕاسیستی بدات. دژایەتیی ڕاسیستی بەرامبەر جوو گەر بە واتای دەرمارگیری بێت بۆ نەتەوەیەک، بۆ raceێک بە ناوی "جوو"، ئەوا بە واتای دژایەتیی ڕاسیزمە لەپێناو ڕاسیزمدا نەک لەپێناو نا-ڕاسیزمدا.




MVSEVM FRIDERICIANVM
I AM NOT EXOTIC I AM EXHAUSTED










what are these details ? for example Ewsa (form of popular singing)
from the arab bedouins is not much different from Berite (form of
popular singing) of kurdish bedouins.


DZAR




MVSEVM FRIDERICIANVM
I AM NOT EXOTIC I AM EXHAUSTED


past
present - future
personal
views, skill,
knowledge
social,
ethic,
cultural
core
why?
how?
what?
what for?
potential intervention
goals,
what you want
impact / use / function
tacit


k!words
KNOWLEDGE
SPECIALIZBTION
PATHWAYS
FOOD
CITY
TIME
ARCHIVE
BOTTOM UP
TOP DOWN
HOW TO






EXPLORE THE ECOSYSTEM
LEARN FROM FRIENDS
SPECULATIVE COLLECTIVE
KNOWLEDGE SHARING
ARTISTIC CONVERSATION
STUDI KOLEKTIF
TEMUJALAR 2022
Where's the Art?
Google drive.
artistic
production
Konsep Flow
Digital Platform
sustainability
SUFFICIENT
ENDURANCE
11 Subject
Budget.
100 Days
generousity
TEMUJALAR (SELF LEARN COLLECTIVE)





جگە لەو دوو وێنەی کارەکەی هیوا کە لە چواردەیەمین پێشـانگای دیکۆمێنتا، سـاڵی 2017 گیراون، سەرجەم وێنەکانی دیکە کاری پێشانگای دیکۆمێنتای پانزە 2022ن و لەلایەن نووسەری ئەم یاداشتە کورتەوە چرکێنراون.